

گۆڤاری داب و نەریتی، ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتی

خوێندکارانی زانکۆی ورمێ

سالّی شەشەم، ژمارەی پانزدەهەم، سەرماوەزی
١٣٩٧



گۆڤاری داب و نەریتی، ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتی

خوێندکارانی زانکۆی ورمێ

ساڵی شەشەم، ژمارەی یانزدەهەم، سەرماوەزی ۱۳۹۷

کوردی ـ فارسی

خاوەن ئیمتیاز: موحەممەد دەردەک

بەر پرس: مەتین فەرامەرزپوور

سەر نووسەر: شاهۆ عەزیزی

کۆڕی نووسەران:

سارا ئیبنێ عەبباسی، پەرهام ئەمین زادە، کیومەرس ئیرانی، موحەممەد دەردەک، ئومێد ڕەحیم زادە، ناسح ڕەسووڵی، مائێدە ڕەئوفی، دانیاڵ شوجاعی، سۆهەیلا شیری، ئاراس عەزیزپوور، شاهۆ عەزیزی، مەتین فەرامەرزپوور(فەرامەرزی)، سیامەند مستەفاپوور

کاری ڕوو بەرگ: قانع مەحموودی

دەرهێنانی هونەری: مەتین موعەزەمی

نشریه فرهنگی، ادبی، سیاسی و اجتماعی

دانشجویان دانشگاه ارومیه

سال ششم، شماره یازدهم، آذر ۱۳۹۷

کردی – فارسی

صاحب امتیاز: محمد دردک

مدیر مسئول: متین فرامرزپور

سر دبیر: شاهو عزیزی

هیئت تحریریه :

سارا ابن‌عباسی، پرهام امین‌زاده، کیومرث ایرانی، محمد دردک، امید رحیم‌زاده، ناصح رسولی، مائده رئوفی، دانیال شجاعی، سهیلا شیری، آراس عزیزپور، شاهو عزیزی، متین فرامرزپور (فرامرزی)، سیامند مصطفی‌پور

طرح جلد: قانع محمودی

صفحه آرایی: متین معظمی

زۆر سپاسی هەموو ئەندامانی پێشووی ژیوەر دەکەین کە بە هەوڵ و تێکۆشانیان ئەم دیاری بەنرخەیان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە؛ هەروەها سپاسی تایبەتمان هەیە لەخزمەت کاک محەممەد عەبدی، کاک ئاسۆ فەللاح و کاک سەعدی کیانی کە تا ئەوڕۆش هەر یارمەتی ژیوەریان داوەو بە تەنیا جێیان نەهێشتووین.

از تمامی اعضای پیشین ژیوەر تشکر میکنیم که با تلاش و کوشش خود این هدیه با ارزش را برای ما به جای گذاشته‌اند؛ همچنین سپاس مخصوصی داریم در خدمت آقایان محمد عبدی، آسو فلاح، سعدی کیانی که تا به امروز همچنان ما را یاری کرده و تنها نگذاشتند.



ناوەرۆک

١ ـ گۆڤاری«ژیوەر» بۆ هاوکاری لە هەموو نووسەران و شاعیران و توێژکاران و وەرگێڕان و هونەرمەندان دەگێڕێتەوە.
٢ ـ بەر پرسی ناوەرۆکی بابەتگەلی چاپکراو بە عۆدەی خاوەنەکانیانە.
٣ ـ ئەو بابەتانەی بۆمان دەنێرن دەبێ بەشێوەی بەڵگەی وۆڕد یان بە خەتی خۆش لە لایەکی کاغەز بنووسرێنەوە.
٤ ـ ژیوەر لەبارەی ڕێنووس و هەڵەگرتن لە نووسراوەکاندا ئازادە، بەڵام دەست لە ناوەرۆک وەرنادا.
٥ ـ ناردنی نوسخەیەک لە دەقی سەرچاوەی ئەو بابەتەی وەریدەگێڕنەوە سەر کوردی پێویستە.
٦ ـ وتار و نووسراوەکان پاش پەسەندکران لە دەستەی نووسەراندا بڵاو دەکرێنەوە.
٧ ـ ئەو بابەتانەی بۆمانی دەنێرن، بۆتانی نانێرینەوە.
٨ ـ وتار و ڕەخنە و نووسراوە و شێعر و چیرۆک و پێشنیارەکانتان بە ناو نیشانی ژێرەوە بنێرن.

٠٩٣٩٢٦٧٧٥٣٠ فەرامەرزی ٠٩١٨٩٨٢٣٩٩٦ عەزیزی @jiwerjournal



«وە ناو خوداکە دەهەندە و دلۆڤانە»

ژیوەر نامە

هەوڵ شتێکی دەبێ هەبووبێ، نەبوونە. کە نەبوونیش پێویستی بە بوون هەیە، سەرمان لێ دەشێوێنێ و دەمانخاتە ناو بیرە خەوێکەوە کە «بوون یا نەبوون» کامیان باشترە؟

هەر چەند کەوتنە نێو ئەم بیرە خۆی پێویستی بە بیر هەیە، بەڵام دیسانیش ئایا نەبوونیش پێویستی بە بوون هەیە؟

هاتنە دەر لە ناو ئەم دەریا پڕ پرسیارە، هێزێکە کە زۆرمان لە سەرەتای منداڵیوە، پەرەی پێ ئەدەین و زیادتری دەکەین؛ هەر بۆیە زۆر زوو فێری مەلەی جۆراوجۆر ئەبین بۆ ئەوەی نوقمی ئەم دەریا بەرینە نەبین. بەڵام ئەو کەسانەی کە بێهێز و لاوازن دەکەونە ناو ئەم دەریایەوە، بێ ئەوەی هەوڵی خۆڕاگرتن لەسەر پرسیارەکان بدەن، خۆیان ئەدەنە دەستی هەر شەپۆلێک تا نوقم دەبن و هەر وا بە چاوی کراوە و بێ دەست لێدان و پەلەقاژە، تا ئەو جێگایەی هەناسەی دیل و حەپس کراویان ئیزنیان پێ بدا، دەڕۆن بەرەو خوارتر و خوارتر. لەو ماوەیەدا زۆر وڵامی پڕگومان دێتە بیری ئەم دۆڕاوانە؛ بەڵام تەنیا کاتێک دەگەنە وڵامی ڕاستەقینەی پرسیارەکان، کە دەگەنە ژێر و بنی ئەم دەریایە.

ژیوەر هەوڵ ئەدا و ئەکۆشێ کە بنووسێ؛ بۆ گشت ئەو کەسانەی ئەتوانن گوێیان لە دەنگی بێت. ڕاستیەکان بنوێنێ و پرسیارەکان بخاتە ڕوو. ویستی ئێمە دیسان گوتنەوەی شاراوەکان و وەپشت گوێ خراوەکانە. بەشی ئێمە گوتنی ئەو پرسیارانەیە کە وڵامان پێیان نەداوەتەوە و بێ وڵامی پێیان بۆتە هۆی ئەم ڕووداوانەی لە ژیانمان دا بەرەو ڕوومان دێنەوە. بەرگری لە کووژانەوەی فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆمان، دەگەڵ بووژاندنەوەی ئەوەی لێمان ون بۆو یان خەریکە ون دەبێ، گری هێزمانە. ئێمە ناشارینەوە و تیشک ئەخەینە سەر سێبەری هەر نادیارێک بۆ ڕوون بوونەوەی هەرچی پتری کۆمەڵگاکەمان و ژیوەرەکانی ئەو. بەشکم باشترین ژیان نەگەڕێتەوە بۆمان، بەڵام خۆشترین هەست دەکەوێتە ئاگری ژینمان.

«ژیوەر» ژیوەری خۆتانە و بە هی خۆتانی بزانن و بە سرنجەوە بڕوانە نێوەرۆک و شێوەو تەرح و نرخ و ... بە کورتی لەهەر بارێکەوە کەم و کوڕێکتان پێ شک دێ بە ڕەخنەو پێشنیار پێمانی ڕابگەیەنن، کە دەبێتە هۆی دڵگەرمی و هەوێنی هومێد و هیوای نووسەران و کار بە دەستانی ژیوەر بۆ داڕشتنی گەڵاڵە بە نرخەکانی دیکەو هان دانیان لە ڕێگای خزمەت بە کۆمەڵگا و فەرهەنگی پاراوی کوردی و وڵاتمان. خۆشی و بەختەوەریتان لە خوای میری مەزن ئاواتە خوازین.

بە سپاسەوە

مەتین فەرامەرزی

وشە ون بووەکان

کاتۆڵ مەندیس

سەردەمێک لە مەڵبەندێکی زەنوێر و سازگار وەک بەهەشتی بەرین پەریزادێک رایدەبوارد کە لە شۆخ و شەنگی و جوان و چەلەنگیدا وێنەی نەبوو. بەڵام لە بێ بەزەیی و دڵڕەقی دەسڕەشیدا کەس دەسکی لەدوو نەدەکرد. لە مەڵبەندەکەی ئەودا خەڵک ژن و پیاو، پیر و لاو، وردە و زارۆک هەموو بەشێکی باشیان لە پیتی خۆڕسک پێ بڕا بوو.

کەس نەیزانی پەریزاد بۆ ڕقی لە پڕ و لە ناکاو لە دانیشتوانی ئەم مەڵبەندە پڕ خێر و بێرە هەستا؟ بۆ ئاورگی تووڕەیی بڵێسەی بەرز بۆوە؟ بۆ هاتە سەر ئەوەی بەگژیاندا بچێ؟

لە پێشدا بیری کردەوە تۆفانێکی توند و بەسام بەرپا بکا، کۆشکان بڕووخێنێ، خانووبەران برمێنێ، کۆخان تێک تەپێنێ، کەپران ڕابێنێ، تاوڵ و ڕەشماڵ و چیخ و چادران ڕاڕفێنێ تا شوێنەواری ژیان و مان و بوون و گوزەران لەو نێوە نەمێنێ.

پاشیی خەریک بوو هەموو گوڵەگەش و بۆن خۆشەکان بپرووکێنێ، هەموو گیا شلک و تەڕەکان، هەموو دارە سەوز و بەرزەکان، سیس و ژاکاو و کلۆر هلۆڵ بکا تا کەس خۆڕسکی دڵگر نەبینێ، تا کەس دیمەنی خەمڕەوێن نەبینێ و هەموو لایەک بکا بە بیابانێکی کاکی بەکاکی و بێ ئاو و شینایی و ئیشکارۆیەکی زوورک و ڕەق بیروونێکی چۆڵ و هۆل و شۆرەکاتێکی خوێڵین و سووتاو.

دوایە هاتە سەر ئەوە ناسک و نازدارەکان، تەسک و لەبارەکان، ڕەزاسووک و خوێن شیرینەکان بکاتە ڕمووزنەی دزێو، پیرێژنی سەربەسۆدرە، یاڵ یابووی لاجانگ بەڕشک، پورە گوڵنەتەی ئەفسانەیی تا ئەوین و دڵداری، ژوان و شەوگوورد و چاو بڕەکین و تاسکە تاسک، دەسبازی و ڕاز و نیازی دڵداری دوایی بێ.

بەوەشەوە زەرد نەبوو ویستی گێژەڵووکە و ڕەهێڵە و لەنگێزەیەک، لە بەرد، لە ئاگر، لە مشکی و خۆڵەمێش، لە ژیلەمۆ و پزیلک بەسەر وڵاتا ببارێنی و هەموو زیندەوارێکیان وەبن دا.

پاش ئەوە، خەیاڵێکی وای بەدڵی داهات هەتاو داپۆشێ و تیشکی گەرم و بەتین و ژیان بەخش بتارێنێ تا تاریکی و سەرما و زوقم و سیخوار و سەهۆڵبەندان کاری خۆیان بکەن و گیانلەبەر نەهێڵن.

ئاخرەکەی وەک کۆنە دزێکی دەس پیس و دیواربڕێکی چاوچنۆک کەلێنی دۆزییەوە، پاش وردبوونەوە و بیرلێکردنەوە بڕیاری دا ڕەستەیەکی ئینسانی و سێ وشەی ئاسمانی لەبیر هەمووان بەرێتەوە:

«تۆم خۆش دەوێ»

لە هەوەڵەوە خەڵک نەیاندەزانی چییان لێ قەوماوە، چ ڕووی داوە، تووشی چ بەڵایەک بوون، چۆنیان تانوپۆ لێ تیک چووە؟ تەنیا هێندێک دەیانزانی لەم نێوەدا شتێک بزر بووە. بەڵام هەستی پێ ناکرێ، کیژە جوانەکان کە جاروبار وێڕای دەزگیرانەکانیان دەچوونە سەیران و گەڕان و بووکە نازدارەکان کە دەگەڵ تازە زاواکان، دەچوونە نێو پەردە هەستیان دەکرد کە دەبێ ڕستەیەکیان پێ بگوترێ و بە شەرم و نازەوە وەڵامی بدەنەوە بەڵام کام ڕستە؟ هیچ لەبیریان نەمابوو، دەیانزانی ئەم ڕستە تەعبیرێکی شاعیرانەیە، لە چەند وشەی زۆر ناسک و شیرین دروست بووە کە پڕە لە تاسە و ئاوات و ڕاز و نیاز و هەست دەبزوێنێ و ئەوین دەجوولێنێ. ئەمما زمانیان گرێ درابوو. پەشۆکابوون، سەرسام بوون دەیان ویست بپرسن، یارمەتی لە یەکتر بخوازن. بەڵام هەموو بێ هۆش و سەرگەردان بوون چیان بە بیردا نەدەهات.



زەمان تێ دەپەڕی، کەچی خەم و پەژارەی خەڵک هەر زێدەتر دەبوو. گشت ئەوەندە هەراسان و پەرێشان بوون. دەتگوت: خۆڵیان بەسەردا دابێشتوون. دەتگوت: هەموو جگەر گۆشەی شیرینی لەدەس داوە و رۆڵەی لێ ون بووە. هەرچی دەیانکرد رەمزی بەختەوەری جاران و رازی شادیی پێشوویان بدۆزنەوە نەدەکرا و نەدەلوا.

ورده ورده هەودای دۆستایەتی پسا، بڵێسەی خۆشەویستی دامرکا. پشکۆی ئاشنایەتی ژیلەمۆی نامۆیی بەسەردا کرا. لە هەموو لاوە ئینکەبەری، ئێرەیی، دڕدۆنگی و دوژمنایەتی سەری هەڵدا، وشە باو و شیرین و خۆشەکانی وەک: گیانەکەم، جەرگەکەم، ئازیزەکەم، چاوەکەم، باوکم، دایکم، رۆڵەم، کچم، کوڕم، مامە، کاکە، دادە، بەتەواوی لەبیر چوونەوە.

گراوی لە کوڕە حەیرانان تۆران چونکە دەیانویست ڕستە خۆشەکەیان لێ ببیسن و ئەوانیش چاریان بێچار بوو. کابان مێردانیان ڕێ نەدەدا سەرجێ چونکە پێیان وابوو سارد بوونەوە. بۆیە ئەم چەند وشەیان بە زاردا نایە. ڕێگای کانی و دەواران نەدەگیران و ژوانگە چۆل بوون و بەقوڕ گیران.

خوایا! ئایا لەم جیهانەی تۆدا، بێ هەستی ئەوین، هیچ شت تام و بۆنی هەیە؟ ئایا ئەگەر ئەو پەریزادە ڕق ئەستوور و خۆپەرەستە، ئەو مەڵبەندەی بە یەکجاری وێران و خاپوور کردبایە باشتر ئەبوو لەوەی هەستی ئەوینی تێدا بمرێنێ؟

لەو مەڵبەندەدا شاعیرێکی لاو و دڵتەڕ و خاوەن هەست دەژیا. حاڵی وی نەک لە خەڵکەکە خۆشتر و باشتر نەبوو بەڵکوو پەشێوتر و تاڵتر بوو. بۆ دەربڕینی هەستی ئاگرینی دەروونی خۆی، لە ڕستە ونەکە دەگەڕا. بەتایبەتی پێش ئەوەی پەری دڵازار و بەدئاکار ئەو بڕیارە ناهەمواره بدا و ئەو کارە نالەبارە بکا. ئەو غەزەلێکی ناسک و پڕسۆزی دەس پێ کردبوو. کە هەموو قافیەکانی بە وشە ون بووکان تەواو دەبوو. غەزەلی شاعیری لاوی، داماوی، دڵسووتاو، ناتەواو مابۆوە چونکە ڕستە پیرۆزەکەی نەدەهاتەوە بیر.

- بەرەبەیانێک شاعیری خەمناک و دڵتەنگ لە دەرەوەی ئاوەدانی لەبن دارێک لەسەر جۆبارێک دانیشتبوو و بیری دەکردەوە:

خوایا! بۆ وام بەسەر هاتووە؟ بۆم بیرم شێواوە؟ بۆ وشک بووم؟ بۆ من ئاورگی هەست، دەریای شێعر و خودای قافیە نەبووم؟ بۆ ئێستا ناتوانم غەزەلەکەم تەواو بکەم؟ بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟

بە هەڵکەوت لەم بەیانە دڵرفێنەدا پەری تیژباڵ و بێ خیاڵ و دڵڕەق و بەدفەڕ هاتە ئەم شوێنە، تا شنەی بەیان هەڵمژێ، تا بۆنی گوڵان بکا، قاسپەی کەوانی گوێ لێ بێ، وڕینگەی بلبلان ببیسێ، خوڕە و هاژەی شەپۆلی چۆمی خوڕێن دڵی شاد بکا.

لەپڕ چاوی بە شاعیری دڵتەنگی تێگیراو کەوت. دڵی داچڵەکی، تەزووی بەلەش داهات، دەریای ئەوینی خرۆشا، شێت و وێتی شاعیری لاو بوو. خۆی هێنا سەر ڕەنگی کیژۆلەیەکی خونجیلانە و نەشمیلانە و خوێن شیرین و ڕەزاسووک و بەپاڵێیەوە دانیشت. بە نیگای پڕهەوەس و بە ناز و عیشوەی دڵڕفێن بە لەنجەولاری شۆخانە، دڵی تەڕ و ناسک و جوانی پەرەستی ڕفاند، دەستی ئاویشتە ئەستۆ و لێوی بە لێویەوە نا، تێری ڕاموسی و لە دەریای خۆشی و کامەرانیدا نوقمی کرد. شاعیری بێ بەش و ناکام، بەم ئەوینە کوتوپڕە. بەم لاواندنەوە و لەزەت وەرگرتنە، یەکپارچە بوو بە کۆی ئاگر. دەتگوت: لەباتی خوێن، مسی داخی لە دەماران دەگەڕێ. پەری لە ئامێزی گەرم وەرێنا گیان و لەش و دڵ و دینی پێشکەش کرد.

بەفەرمانی پەری دەروازەی ئاسمانی شین کرایەوە، پەری و شاعیر وەک جووتە کۆترێکی سپی تیژباڵ بەرەو ئاسۆی بێ سنوور هەڵفڕین. ئەستێرە گەش و پڕشەنگدارەکان، وەک خەرمانێک ئەڵماس بە گرشە گرشە بە دەوریاندا سووڕان و سووڕان و سووڕان. گالیسکەیەکی زێڕی مرواری کوت کە ئەسپێکی سپی باڵداری تێ کرابوو، ڕاگیرا، سواری بوون و بەپانایی ئاسماندا گێڕانی. بۆ خۆشیان نەیانزانی ئەم گەشت و گەڕانە ئەم شادی و سەیرانە چەندی درێژە کێشا؟

بەجووت هاتنەوە سەر زەمینی خاکی و هەر لەو مێرگ و چیمەنە ئارامیان گرت، شاعیری لاو وێڕای جریوەی مەلانی سەرمەست غەزەلی ئاشقانە و پڕسۆزی وای بۆ پەری خوێندەوە کە ئاگری لە دەروون و هەناو بەردا و ئۆقرەی لێ بڕی. پەری هەرگیز دەنگی وا زوڵاڵ و قسەی وا خۆشی نەبیستبوو. کەچی بەو حاڵەوە گەردی خەم و پەژارەی لەسەر ڕووخسار نیشتبوو و پۆلی فرمێسکی وەک مرواری لەچاوان هەڵوەری، شاعیر بێدەنگ بوو، سەری سووڕما و بە شڵەژاوی بەسەر پێیانی داکەوت و گوتی:

«ئەی فریشتەی جوان، ئەی ئارامی دڵان! چت لێ قەوماوە، چ ڕووی داوە؟ پاش ئەو هەمموو خۆشی و ڕابواردنە بۆ دەگری و دەبارێنی؟ ئایا کەس لە گوڵ کاڵتری پێ گوتووی؟ ئایا کەس دڵی ناسکی شکاندووی؟ ئایا کەس خەیاڵی ئارامی شێواندووی؟؟».

پەری لە حاڵێکدا کە فرمێسکی لەسەر کوڵمەی لە گوڵ ناسکتری دەسڕیەوە گوتی: «بەڵێ خۆشەویستم، بەڵێ! لەم ماوەدا کە ئێمە پێکەوە ڕامان بواردووە تۆ هەمموو شتێک گوت مەگەر شتێک نەبێ کە هەر لە هەوەڵەوە گیانی من تینووی بیستنی بوو. تۆ لەنێو ئەو هەمموو قسە خۆشانە و شێعرە تەڕانەدا، جارێک نەتگوت تۆم خۆش دەوێ».

هێشتا پەری قسەکەی تەواو نەکردبوو کە شاعیری دڵتەڕ هەرای شادی لێ بڵیند بوو و دەستی کرد بە هەڵپەڕین و سەما، ون بووەکەی دۆزیوە کە ئەو هەمموو ڕەنج و ئازار و مەینەت و کوێرەوەرییەی لە پێناودا کێشابوو. وەک مەلێکی بەرزەفڕ بەسەر مێرگ و چیمەن و گوڵ و گوڵزار و باخ و دارستاندا فڕی، گەیشتە شار و لە گۆشەیەک دانیشت و غەزەلەکەی تەواو کرد. ئەمجار بۆ خەڵکی خوێندەوە، خەڵک بە بیستنی شێعرەکە کەوتنە سەما و هەڵپەڕکێ، ژیان دەستی پێ کردەوە، ئەوین لە دڵاندا پەیدا بۆوە. دڵبەر و دڵدار، گراوی و کوڕە حەیران دۆست و دەزگیران پێکەوە ئامێزیان بۆ یەک کردەوە. کیژە سرک و ڕەوەکەکان بەرەو ژوانگە بوونەوە، هەتاوی بەختەوەری تیشکی هاوێشت و تاریکی و سەرمای نەهاتی و ناهومێدی نەهێشت.

بەڵێ لەم دنیایەدا ئەگەر شێعر نەبووبا، هیوا، خۆشی، ئەوین، دڵداری و پێک گەیشتن مانای نەبوو و ئەگەر شاعیر نەبووبا تا پەیامی ئاسمانیان بداتێ سەرما و سۆڵی ژیانی جیهان ڕەقی دەکردین.

لە فارسی ڕا تەرجەمە کراوە

١٩٧٨/١١/١٥

مامۆستا هێمن



هێمن
(١٩٢١-١٩٨٦)

ئامادەکردنی:
فەرەیدون حەکیم زادە

وەرگێران لە زمانی سوێدیەوە:
کەماڵ حەسەنپوور

١٨/ ٤ /١٩٨٦ ڕۆژی هەینی بوو. وەک هەمیشە خەڵکی کوردستانی ئێران پشوویان هەبوو، چونکە ڕۆژێکی تەعتیل بوو. مرۆڤ دەیتوانی بحەسێتەوە، ئارام بێ و کات لەگەڵ ئەوانی دیکە بباتە سەر. بەڵام ئەو هەینییە جیاواز بوو. بەیانی زوو هەزاران کەس دەستیان بە تەلەفون کردن بۆ یەکتری کرد و هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری خۆشەویستی خەڵک هێمنیان بڵاو کردەوە.

هەواڵەکە خێرا گەیشتە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران. شەوێ کوردەکانی ئورووپا هەواڵی مردنی هێمنیان پێ گەیشت.

مردنی هێمن خەسارێکی مەزنە بۆ کوردان و ئەدەبیاتی کوردی. شێعرەکانی ئەو پێشوازییەکی زۆر بەهێزیان لە لایەن خەڵکی کوردستان لێکرا. کاتێک کە دیوانێکی شێعری ناوبراو بڵاو کرایەوە، لە یەک حەوتوودا ١٠٠٠٠ بەرگی فرۆشرا. لە ماوەی ٣ - ٤ساڵدا شەش جار چاپ و بڵاو کراوە و هەر جارەی ١٠ بۆ ١٥ هەزار بەرگی لێ چاپکرا.

گۆڤاری کوردی_سوێدی لە هاوکارێکی لە مەهابادەوە لە کوردستانی ئێران نامەیەکی بەدەست گەیشتووە کە لەویدا باسی وردەکارییەکانی سەرەخۆشی کۆچی دوایی هێمنی بۆ کردووین:

"ڕەنگبێ بیستبێتان کە هێمن هەینی ١٨ی چواری ١٩٨٦ کاتژمێر ١٢:٥٠ی شەو لە شاری ورمێ بە هۆی سەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد. بەیانی کاتژمێر ١٠:٤٥ تەرمەکەی بە ستوونێکی پێکهاتوو لە دەیان ئوتومبێل بۆ شاری ناوبراو سابڵاغ (مەهاباد) گوازرایەوە. لەماڵی خوشکی هێمن لە شەقامی وەفایی تەرمەکەی شۆردرا، لە کاتێکدا کە تا ئەوکات نزیکەی پەنجا ئوتومبێل کە پڕ بوون لەخەڵکی تازیەبار لە دەرەوە چاوەڕوان بوون بۆ ئەوەی کە لە بردنی تەرمەکەی بۆ گۆڕستان بەشدار بن.

SVENSK-KURDISK
JOURNAL

Dubbelnummer 1-2/1986 Årg 2
Pris 25:-



De kurdiska barnen i Turkiet
H. S. Nyberg i Kurdistan
Celadet Bedirxan och hans livsverk
Kurdiska institutet i Paris — intervju med Kendal Nezan

Hêmin (1921-1986)



18/4 1986 var en fredag. Som vanligt var folket i iranska Kurdistan lediga, eftersom det var en helgdag. Man kunde vila sig, ta det lugnt och umgås med varandra. Men den här fredagen blev annorlunda. Tidigt på morgonen började tusentals människor ringa till varandra och sprida nyheten om att den folkkäre poeten Hêmin hade avlidit. Nyheten nådde snabbt Teheran och andra städer i Iran. På kvällen fick kurderna i Europa kännedom om Hemins död.

Hemins död är en stor förlust för kurderna och för den kurdiska litteraturen. Hans dikter mötte ett mycket starkt gensvar hos folket i Kurdistan. När en diktsamling av honom publicerades, såldes 10 000 exemplar på en vecka. Inom loppet av 3-4 år trycktes 5-6 upplagor om vardera 10-15 000 exemplar.

Svensk-Kurdisk Journal har från en medarbetare i Mahabad i iranska Kurdistan mottagit ett brev i vilket det berättas i detalj om sorgehögtiden i samband med Hemins bortgång:


"Mahabad 19/4 1986

Kanske har ni redan hört att Hemin avled fredagen 18/4 1986 kl 00.50 i en hjärtattack i staden Urmia. På morgonen kl 10.45 fördes hans stoft tillbaka till hans hemstad Sablakh (Mahabad) i en kolonn bestående av tiotals bilar. I Hemins systers hem på Welayi-gatan utfördes därefter den traditionella tvagningen av kroppen, medan nu ett femtiotal bilar fyllda med sörjande människor väntade utanför för att kunna fortsätta processionen till kyrkogården.

Klockan 12.30 hade hans stoft förts till Hadji Sayid Bayiz-moskén på Manguran-torget. Mohammed Amin Misri läste ur koranen till kl 15.35 medan tusentals människor strömmade till moskén från gator och gränder. 15.45 bars kistan enligt Mahabads traditioner av fyra män till Bidagh Sultan-kyrkogården i södra Mahabad. Kistan följdes av tusentals människor. Där begravdes Hemin kl 16.40 på Martyrernas kulle. Därefter utförde mulla Alladin (mulla i Khaneqa moskén) de traditionella ceremonierna i samband med begravningen. Sedan följde en rad tal och diktuppläsningar, först Khale Amin Barzandje som läste en dikt, därefter läste Ibrahim Afkhami ytterligare en dikt, varpå följde ett långt tal av författaren och novellisten Ahmad Qazi. Därefter talade ingenjör Faruq Kaywustawi om Hemins liv och hans roll i kurdisk litteratur. Till sist avslutade mulla Rashid Qaranizade ceremonin i sin egenskap av fredagsimam i Mahabad.

Mottagning av allmänhetens kondoleanser hålls idag och imorgon i Mahabad och i andra städer i Kurdistan. Mahabads radio och TV-station sänder även program från begravningen. Idag kommer tusentals människor till mottagningen för att framföra sin kondoleanser..."

H.S.



Jag är kurd

Trots lidande, fattigdom och umbäranden
ska jag motstå tiden som går mig emot: jag är modig.

Ängalika ögon, marmorvita nackar väcker inte min kärlek,
jag är betagen av klippor, berg och toppar som förlorar sig i molnen.

Hur svårt jag än må drabbas av nöd, av elände och olyckor,
ska jag aldrig tjäna min fiende eller ge honom den minsta ro!

Jag trotsar slagen, kedjorna, tortyren,
och blir så min kropp sliten i bitar, ska jag skrika
av all min kraft: jag är kurd.

Shilan awi 1942

Översättning via franskan av Lars Bäckström

کاتـژمێر ١٢:٣٠ تـەرمـەکەی بـردرا بۆ مـزگـەوتی حاجی سـەید بـایز لـە مـەیدانی مـەنگوڕان. مـحەمـمەد ئـەمین میسری تـا کاتژمێر ١٥:٣٥ قورئانی لەسەر خوێند لە کاتێکدا کە هـەزاران کەس لـە شـەقـام و کۆڵانـەکان ڕا سـەرەڕێژەیان کردە نـاو مـزگـەوت. ١٥:٤٥ تـابـوتـەکە بـە پێی نەریتی مەهاباد لە لایەن چوار پیاوەوە بەرەو گۆڕستـانی بـوداغ سـوڵتان لـە بـاشـووری مـەهـابـاد هـەڵگیرا. هـەزاران کەس بەدوای تـابـوتـەوکەیەوە بـوون. کاتـژمێر ١٦:٤٠ هێمن لە گردی شەهیدان ئەسپاردەی خاک کرا. پـاشـان مـەلا عـەلائـەددین (مـەلای مـزگـەوتی خـانـەقـا) ڕێوڕەسمی نـەریتیی کاتی نـاشـتنی بـەڕێوە بـرد (واتـە تـەڵقینی دادا) دوای ئـەو نۆبـەی زنجیرە وتـار و شێعر خـوێندنـەوە هـات، لـە پێشدا خـاڵە ئـەمین بەرزنجی شێعرێکی خوێندەوە، پاشان ئیبراهیم ئـەفـخەمی شێعرێکی دیکەی خـوێندەوە، ئەوجار وتارێکی دوورودرێژ لە لایەن نووسەر و ڕۆمـانـنووس ئـەحـمەد قـازییەوە پێشکەش کرا. لـە دوای ئـەو ئـەنـدازیار فـارۆق کەیخوسـرەوی لـە بـارەی ژیانی هێمن و دەوری ناوبراو لە ئەدەبیاتی کوردیدا قسەی کرد. لە کۆتاییدا مـەلا ڕەشید قـەرەنی زادە وەک ئیمام جومعەی مـەهـابـاد وتـاربێژی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بوو.

سـەرەخۆشی گشـتی ئـەوڕۆ و سبـەینێ لـە مـەهـابـاد و شـارەکانی دیکەی کوردسـتان بـەڕێوە دەچێ. هـەروەهـا ڕادیۆتـەلـەفـزیۆنی مـەهـابـاد بـەرنـامـەی ڕێوڕەسمی بـەخـاک سپاردنەکەی بڵاو دەکاتەوە. ئەوڕۆ هـەزاران کەس دێنە ڕێوڕەسـمەکە تـا سـەرەخۆشی بکەن..."



جنبش دانشجویی

شاهو عزیزی

جنبش در حقیقت، فعالیت‌هایی سیستماتیک یا داوطلبانه در راستای تحقق خواسته‌ها و مطالبات کل یا اقشاری از جامعه است که منجر به تحولاتی در سطح اندیشه و فکر، یا به دگرگونی در نظام سیاسی، اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی می‌انجامد. البته واژه‌ای کاملا غریب در جوامع دانشگاهی و مدنی است و به مرور زمان معنای لغوی آن حتی از لغت‌نامه‌ها نیز محو می‌شود. جوامع دانشجویی بیش از هر قشر دیگری به طبیعت آزادِ انسانی والا اندیش و آرمان‌گرا نزدیک هستند و عموما در تحریک پذیرترین دوره‌ی عمر خود بسر می‌برند که پذیرای هرگونه تغییر یا تثبیتی نمی‌باشند. گستردگی سطح ارتباطات و قیاس در شرایط حال دانشجو با شرایط دیگر هم‌قطاران در موقعیتی جغرافیایی برون مرزی، شرایط را برای عکس‌العمل‌های چپ‌گرایانه‌ی دانشجویان فراهم می‌آورد. به این ترتیب جنبش دانشجویی از مهم‌ترین جنبش‌های تاثیرگذار از نوع جنبش‌های جدید است که نقش مهمی درتحولات تاریخ معاصر داشته، دارد و خواهد داشت.



سیر تاریخی جنبش دانشجویی در ایران

حیات دانشجویی در ایران به دو دوره تقسیم می‌شود. دوره‌ی اول خود به مقاطعی تقسیم بندی می‌شود که در هر یک از این مقاطع می‌توان از یک موج غالب فکری یا یک گفتمان غالب فکری-سیاسی سخن گفت.

دوره‌ی اول

موج اول و شروع جنبش دانشجویی در سال ۱۳۲۲ مدت اندکی پس از خروج شاه از ایران و آزادی گروه ۵۳ نفره چپ مارکسیست، حزب توده شکل گرفت. در فضای باز سیاسی دهه‌ی ۲۰ گفتمان چپ، چه بصورت عام در جامعه روشنفکران و چه خاص در مجمع دانشجویی، به گفتمان غالب تبدیل شده بود. سرعت نفوذ مارکسیسم به حدی زیاد بود که با گذشت ۳ سال از آغاز فعالیت، تقریبا تمام دانشجویان هوادار بودند و یا تفکرات مارکسیستی داشتند. در سال ۱۳۲۷، با غیرقانونی اعلام شدن حزب توده و متهم کردن آن به جریان ترور، اتحادیه دانشجویی هم امکان فعالیت قانونی را از دست داد. به همین دلیل تفکر چپ اقدام به تشکیل سازمان دانشجویان دانشگاه تهران کرد. این سازمان ارتباط تشکیلاتی قوی‌ای با انجمن بین‌المللی دانشجویان در پراگ برقرار کرده بود. از ابتدای تأسیس سازمان دانشجویان، به مرور ایدئولوژی چپ‌گرای مارکسیستی به صورت نیمه علنی و غیر رسمی رشد و قدرت یافت. در همین مقاطع بود که دانشجویان مقیم خارج، کنفدراسیون جهانی محصلین، و دانشجویان ایرانی، اتحادیه ملی (معروف به کنفدراسیون) را بنیاد نهادند. پس از کودتای ۲۸ مرداد ۱۳۳۲علیه مصدق، روابط دولت با دو حامی کودتا، انگلیس و آمریکا نزدیکتر شد که این خشم دانشجویان دانشگاه تهران را بدنبال داشت. در ۱۶ آذر نیروهای نظامی وارد دانشکده فنی شدند و دانشجویان را در سرسرای دانشکده جمع کردند. پس از اولین شعار علیه کودتا، به روی دانشجویان آتش گشودند که در نتیجه آن مصطفی بزرگ‌نیا، مهدی شریعت رضوی و احمد قندچی درگذشتند. این روز پس از انقلاب بهمن به طور رسمی "روز دانشجو" نام گرفت. این روز همواره زمینه و فرصتی برای دانشجویان بوده که اعتراضات و خواسته‌های خود را بیان کنند. اعتراضاتی که به شکل متناوب با برخوردهای پلیسی و درگیری همراه بوده است.

پس از سرکوب قیام ۱۵ خرداد۴۲ سکوت بر دانشگاه‌ها حکمفرما شد و چپ‌گرایان با دیدی رادیکالی در سازمان‌های چریکی و به صورت مبارزات مسلحانه شروع به فعالیت کردند. تقریبا نیمی از اعضای این گروه‌ها با جذب جامعه دانشجویی شکل یافته بودند و در مواردی، خود دانشجویان رهبری آن‌ها را در دست داشتند. سازمان چریک‌های فدایی خلق (حادثه‌ی سیاهکل) و سازمان چریکی مجاهدین از جمله این سازمان‌ها بودند. خط فکری و عملی این گروه‌ها، با الگوهایی چون مائو (چین)، جیاب (ویتنام)، فرانتس فانون (الجزایر) و چه‌گوارا (کوبا) برابری داشت، اما توفیقی حاصل نکردند. همراه با سرکوب جنبش رادیکال، جنبش چپ در سال‌های ۵۶-۵۷ به انتهای راه رسید.





موج دوم از همان غلبه‌ی فوق تصور گفتمان چپ بر فضای دانشگاه‌ها بود که بوجود آمد. در این بین نیروهای اسلام‌گرا در کنار ملی گرایان لیبرال برای رقابت با چپ‌گرایان در دانشگاه سعی در ایجاد تشکیلات مستقل کردند. قدرت تشکل‌های اسلامی حدودا از سال ۱۳۵۵ آغاز و تا سال ۱۳۷۳-۱۳۷۴ استمرار داشت که به طور مشخص پس از بی‌نتیجه بودن مبارزات مسلحانه دانشجویی، آغاز شدند. امواج کوتاه اسلام‌گرایی در این دوره در جریان انقلاب اسلامی سال‌های ۵۶-۵۷ به امواج بلندی تبدیل شدند و تبدیل به تفکر غالب این جنبش گردیدند. در دوران ۸ سال جنگ با رژیم بعث، این انجمن‌ها از جمله انجمن‌های اسلامی و جهاد دانشگاهی از مهم‌ترین کانون‌های جذب دانشجو به جبهه‌های جنگ بودند. این تشکلات در ۱۳ آبان ۵۸ اقدام به تصرف سفارت آمریکا، به تصور دسیسه چینی و دخالت در نظام حاکم، کردند که این اقدام به رابطه‌ی ظاهری ایران با بزرگ امپریالیست جهان خاتمه داد و به طور کلی ارتباط بین‌المللی کشور از دیروز تا به امروز را زیر شعاع خود کشاند.

موج سوم از سال ۱۳۷۴-۱۳۷۵ همراه با انتخابات هفتم ریاست جمهوری و پیروزی اصلاح‌طلبان آغاز شد، همان موج اسلام‌گرا با اندکی تغییرات و میانه‌روی بود که در این مقطع با چرخ ایدئولوژیک اندک لیبرالیسم به چرخش خود ادامه می‌داد. دانشجویان سابق در تشکلات دیگر با گرایشات تند اسلامی که تجربه‌ی چندین ساله‌ی رادیکالی داشتند و همچنین شنیدن وعده‌های شیرین، به این جریان پیوستند و همراه با وارد شدن فعالان سابق انقلابی در قدرت، انجمن‌های اسلامی در راستای پیشروی این جریان حرکت کردند. دهه‌ی هفتاد را می‌توان سال‌های تغییر و تحولاتی در جو و سلیقه‌ی روشنفکری، بخصوص واژه‌ی دلربا و کم مفهوم روشنفکری دینی دانست. در این بازه بود که میانه روی دینی رشد پیدا کرد و به کمک جنبش دانشجویی بخصوص دفتر تحکیم وحدت، گسترش مضاعف یافت. در این دوره سریعاً کلید واژه‌های جنبش دانشجویی از چپ اسلام‌گرایی به راست اسلام‌گرا و یا گاها راست لیبرال مبدل می‌گردد. واژه‌هایی چون آزادی به جای عدالت خواهی، کثرت انگاری دینی (پلورالیسم دینی)، تساهل و حمایت از رابطه با آمریکا به جای استکبارستیزی، واقع گرایی در سیاست خارجی و حفظ منافع ملی به جای دفاع از حقوق ملل بیگانه، حمایت از خصوصی سازی به جای اقتصاد دولتی و تعاونی‌ها، به جامعه‌ی دانشجویی نمایش داده شدند. دانشجویان برای پیشبرد اصلاحات اقداماتی انجام دادند که اوج آن در ۱۸ تیر سال ۱۳۷۸ بود. پس از آن که روزنامه سلام در ۱۵ تیر به جرم چاپ نامه‌ی محرمانه‌ی سعید امامی برای تهدید مطبوعات، به مدت ۵ سال توقیف شد، واکنش اعتراضی دانشجویان اوج گرفت که با برخورد نیروهای امنیتی در خوابگاه دانشجویی روبرو شد. در سال‌های ۸۳-۸۴ چرخ حرکت این موج بدنبال تغییر راس دولت، تقریبا به تمامی ایستاد.



موج چهارم از اوایل دهه ۱۳۸۰، بدون برنامه ریزی قبلی، فضای سیاسی اجتماعی دانشگاه‌ها شاهد بروز مجدد پدیده‌ای به نام چپ مارکسیستی بود. از دید چپ‌ها، فضای نسبتا باز سیاسی عصر اصلاحات به رشد و پویایی فعالیت آنان کمک کرد. کتاب‌های زیادی با محوریت مارکس، لنین، آلتوسر و گرامشی، با مجوز ارشاد منتشر می‌شد که همگی به‌راحتی در دسترس دانشجویان چپ قرار می‌گرفت. همچنین برخی دیگر نیز بعد از ورود به دانشگاه و به‌واسطه‌ی نشریات، افراد و دیگر منابعی که وجود داشت، وارد این جریان شدند.

درهرصورت، جریان چپ دانشجویی توانست بعد از گذشت حدود دو سال در قالب کار در نشریات دانشجویی و هسته‌های مطالعاتی، گروه‌های کوهنوردی و کلاس‌های بازخوانی آثار مارکسیستی، نفوذ قابل توجهی در دانشگاه‌ها پیدا کند و جمعی از فعالان چپ و رادیکال را دور خود گرد آورد. دوام اندک جنبش دانشجویی با متوقف شدن نشریه‌ی خاک پایان یافت. درواقع، پاشنه آشیل جریان چپ دانشجویی دهه ۸۰ درک نامناسب این جریان از پتانسیل‌ها و توانمندی‌های بود که باعث شد توان خود را به‌صورت اغراق آمیز تبلیغ کند و بر این اساس، هرروز فاصله بیشتری از فضای اجتماعی در ایران بگیرد همچنین عدم فهم شرایط عینی جامعه و تطبیق نادرست شرایط جوامع دیگر با شرایط جامعه کشور است که در آثار و عملکرد نیروهای چپ، در کلیت آن مشاهده می‌شود.

دوره‌ی دوم

بعد از سال‌های ۸۳-۸۴ جنبش‌های دانشجویی به مرور به حاشیه کشیده شدند و دوره‌ی انفعال، سکوت و خاموشی جنبش دانشجویی شروع می‌شود. کم و بیش در دوره‌ی اخیر جرقه‌ها و تکان‌هایی خودنمایی کردند و یا جنبش‌های دانشجویی به مانند دوران قبل انقلاب اسلامی، فاز نیمه علنی و غیر رسمی به خود گرفته‌اند. اما با بد و بدتر شدن شرایط دانشجو، ازجمله ستاره دار کردن و گاها محروم کردن دانشجویان از تحصیل، بازگشایی میله‌های بند به روی دانشجو، ممانعت از برگزاری برخی مراسمات دانشجویی با اهداف سیاسی، اجتماعی و فرهنگی، لغو مجوز و تعلیق برخی انجمن‌ها، کانون‌ها و نشریات دانشجویی؛ در طی تنها چند سال، دانشجویان به منفعل‌ترین بازیگران مبدل شدند.



جنبش دانشجویی اثر گذاری خود را در سطح جامعه به کلی از دست داد. به این ترتیب هیچ تفکر غالبی وجود نداشته بلکه بیشتر قدرت هژمونی در قالب تشکل‌های دانشجویی رخ نمایی می‌کرد. کم کم دانشگاها به دبیرستان‌های مختلطی مبدل شدند که با ورود دانشجو به جو دانشگاه بزرگترین دغدغه، سرگرمی و افتخارشان روابط با جنس مخالف، مدگرایی و میتینگ‌های کافه‌ای شد. از طرفی دیگر برای جابجایی برخی آمار و ارقام، سال به سال به تعداد دانشجویان شرطی افزوده شد و تمرکز کامل بر روی افزایش سطح کمی جامعه‌ی دانشجویی بود که این مسئله خود بسیار حائز اهمیت است.

مشکلات صنفی و رفاهی، بی برنامگی و نبود مدیریت صحیح در سطوح دانشگاهی و از طرفی دیگر وضعیت نابسامان اقتصادی، فشارها را بر روی دانشجو دو چندان می‌کند و دانشجو را طوری بی‌انگیزه و منفعل بار می‌آورد که از هرگونه فعالیتی حتی فعالیت‌های ادبی و هنری نیز باز می‌دارد. این شرایط همچنان پایدار است تا روزی که دانشجویان اندکی در مورد شرایط خود اندیشه کنند.

منابع:

صادق حقیقت، «تحلیل گفتمانی انقلاب اسلامی» مجموعه مقالات کنفرانس بین‌المللی انقلاب اسلامی و چشم انداز آینده، تهران : انتشارات بین المللی الهدی، ۱۳۸۵.

علی ادیب، نقش دانشجو در تحول اجتماعی، تهران : مرکز نشر فرهنگی رجاء، ۱۳۶۳.

روزنامه اعتماد ملی : تحلیل بر جریان‌شناسی تشکل‌های سیاسی-دانشجویی کشور.

خبرگذاری مهر : جنبش دانشجوی از دیروز تا امروز.

خبرگذاری ایسنا : حال بد جنبش دانشجویی.

تحلیل جنبش دانشجویی مندرج در Khamenei.ir .

محمدعلی وکیلی، تبارشناسی جنبش دانشجویی در ایران، مندرج درebtekarnews.com .

نافرمانی مدنی
ایستادگی مدنی
سفره‌های خالی

آراس عزیزپور

نافرمانی مدنی

هنری دیوید ثورو در نافرمانی مدنی می نویسد: آن حکومتی بهترین است که کمتر حکومت کند. بدین معنی که در راستای تحقق اهدافی همانند عدالت اجتماعی و رفاه اجتماعی برای تک تک افراد جامعه بکوشد اما آنچه مشاهده می‌شود بر خلاف آن است؛ حکومت‌ها تبدیل به ارتشی عظیم جهت محافظت از طبقه ثروتمند و قدرتمند و همچنین سرکوب طبقات فرودست جامعه می‌شوند.

ثورو در بخشی دیگر از نافرمانی مدنی می‌نویسد: «به هر حال هر دستگاهی اصطکاک خودش را دارد؛ و این امکان وجود دارد که حکومت فعلی به اندازه‌ی کافی از خود خوبی نشان دهد که به بدی‌اش بیارزد ولی زمانی که خود اصطکاک‌ها تبدیل به دستگاه و سپس منجر به سرکوب و دزدی سازمان دهی شده شوند، چه بهتر که اصلا دستگاهی وجود نداشته باشد».

به اعتقاد ثورو در هر حکومتی از سر ناچاری قوانین ناعدلانه وجود دارد، اما هنگامی که قوانین ناعادلانه خود تبدیل به حکومت در راستای دزدی و سرکوب شوند، اینچنین حکومت‌هایی وجود نداشته باشند بهتر است.

در این حکومت‌ها قوانین فقط در جهت سرکوب توده‌ها و تعالی قدرتمندان وضع خواهند شد.

ثورو در ادامه می‌نویسد که قوانین ناعادلانه وجود دارند. مردم فکر می‌کنند تا زمانی که اکثریت را در مورد آنها متقاعد نکنند، صبر کنند و دست روی دست بگذارند. آنها فکر می‌کنند در صورتی که به مقاومت در برابر چنین حکومتی و قوانین ناعادلانه آن اقدام کنند، درمان از خود درد بدتر خواهد بود اما این خود حکومت است که درمان را بدتر از خود درد می‌کند.

در ادامه ثورو بر این باور است که اگر این قوانین ناعادلانه نزد حکومت ها طبیعی نیستند چرا هیچ اقدامی جهت رفعشان انجام نمی‌گیرد؟ ولی اگر نزد حکومت‌ها در حدی طبیعی هستند که مشروعیت ظلم و سرکوب را به آنها بدهد، بهتر است این قوانین زیر پا گذاشته شوند، پس نتیجه می‌گیرد که این حکومت‌ها هستند که سرانجام درمان را بدتر از درد می‌گردانند.

ثورو در ادامه می‌گوید: تحت حکومتی که یک نفر را ناعادلانه زندانی کند جای مناسب هر انسان عادلی نیز زندان است. ثورو معتقد است حکومتی بهترین می‌باشد که هر فرد را به عنوان قدرتی عالی‌تر و مستقل‌تر که قوا و اتوریته دولتی ناشی از آن باشد مورد احترام قرار دهد.



در حقیقت حکومتی که توانایی سازش با افراد جامعه‌ی خود را ندارد و در برابر آنها با خشم و زور رفتار می‌کند رفته رفته فرسوده می‌شود چرا که این افراد جامعه هستند که به حکومت مشروعیت می بخشند نه حکومت به آنها.

ثورو نویسنده و شاعر قرن نوزده اهل ایالت ماساچوست آمریکا در اعتراض به برده‌داری و جنگ با مکزیک به مدت شش سال از پرداخت مالیات سر باز می‌زند و هدفش را بدینگونه شرح میدهد: « سر دعوا با هیچ انسان و دولت و ملتی ندارم. من قصد آن ندارم که موشکافی و گزافه گویی کرده و یا خود را از همسایگانم مجزا و برتر جلوه دهم. من تنها در پی آنم که خود را بیشتر با قوانین این سرزمین وفق دهم. من بیش از آنچه فکرش را بکنید آماده‌ام تا خود را با قانون وفق بدهم. من آماده‌ام تا هر ساله هنگامی که مأمور اخذ مالیات در خانه من را میزند، اعمال و موضعگیری‌های دولت ملی و محلی را در پی یافتن دلیل موجهی برای وفق دادن خود با قانون بررسی کنم».

آنچه مد نظر ثورو است اثبات مشروع بودن نافرمانی مدنی جهت درک بیشتر اعمال و قوانین حکومت است که اگر توجیه شدند پذیرفته شوند، در غیر این صورت قوانین و موضعگیری‌ها تغییر یابند.

نافرمانی مدنی که اولین بار توسط ثورو به‌کار رفت، خودداری کردن از انجام وظیفه‌ای بدون اعمال خشونت می‌باشد که از طرف عده‌ای از افراد جامعه در مخالفت با اِعمال قانونی از سوی دولت و یا کسب مطالبات برحق، انجام می‌گیرد. در واقع ثورو به شیوه‌ای نشان داد که نافرمانی مدنی تا حدودی از سرکوب، حذف و مجازات شدن توسط حکومت می‌کاهد به حکومت می‌گوید که ما درمان می‌خواهیم و اگر قرار است بدتر از درد باشد تقصیر توست.

مثال‌های بارز نافرمانی مدنی در ایران اعتصاب معلمان، کامیونداران و کارگران هفت تپه می باشد. هر کدام از این اصناف تعطیل کردن کارهایشان سعی در کسب مطالبات بر حقشان دارند.

بر اساس گفته ثورو هیچ فردی برای انجام نافرمانی مدنی نباید منتظر متقاعد شدن افراد دیگر و یا هم صنف‌هایش باشد، اما آنچه در ایران مشاهده می‌شود سراسری بودن اعتصابات، بایستی از ویژگی‌های اصلی هر نافرمانی مدنی باشد تا هر صنف بتواند حداقل مطالبات بر حقش را کسب کند.

اگرچه دخالت خارجی در امور یک کشور، خوشایند نه حکومت و نه افراد جامعه میتواند باشد اما بازداشت کردن و نوکر بیگانه خواندن اعتصابیون چیزی جز پاک کردن صورت مسئله و سرکوب نافرمامی مدنی نمی‌باشد و طبق گفته ثورو زمانی درمان بدتر از درد خواهد شد که حکومت در صدد سرکوب نافرمانی‌های مدنی در عوض حل معضل و پیگیری مطالباتشان برآید.

ایستادگی مدنی
ایستادگی مدنی یک عمل سیاسی خشونت پرهیز توسط گروهی از مردم جهت به چالش کشاندن قدرت، زور، خط مشی سیاسی و حکومتی خاص می‌باشد. ایستادگی مدنی تلاشی در راستای درخواست بازنگری در زور، فشار و دشمنی از طرف نهادهای اعمال کننده‌ی آن می‌باشد، که به شیوه‌های مختلف همچون تظاهرات، تحصن، اعتصابات، پیاده‌روی‌های نمادین(مهاجرت)، تحریم و به وجود آوردن سازمان‌های غیر دولتی (ngo) صورت می‌گیرد.
از مثال‌های بارز ایستادگی مدنی می‌توان به اعتصاب ۲۵ روزه مردم بانه، تحصن دانشجویان با شعار نه به پولی سازی دانشگاه و کمپین‌های حمایت از محیط زیست و حقوق حیوانات اشاره کرد.
تفاوت اساسی نافرمانی مدنی با ایستادگی مدنی در این مسئله است که افراد گروه اول از طریق زیرپا گذاشتن یک قانون و یا تعطیل کردن کارشان به حکومت فشار وارد می کنند در حالیکه در گروه دوم افراد با انجام حرکات نمادین همچون سفره‌های خالی خواهان درک تهدیدات احتمالی و یا تسلیم کردن حکومت برای تحقق درخواست‌هایشان هستند.
به نظر می رسد نافرمانی مدنی از قدرت بیشتری برای تحت فشار قرار دادن مخاطب خود برخوردار باشد.
سفره‌های خالی

ایستادگی مدنی مردم بانه به صورت اعتصابی ۲۵ روزه و بستن پاساژها و مغازه‌هایشان جهت اعتراض به بسته شدن مرزها و افزایش تعرفه‌های گمرکی بود. اجرایی کردن بدون تدبیر این قوانین اعتراضاتی گسترده را بدنبال داشت چرا که نه تنها فقط درآمد و گذران زندگی مردم بانه بلکه وضعیت معیشت تمام شهرهای مرزی استان کردستان و بعضی از شهرهای کرمانشاه و آذربایجان غربی را نیز تحت تأثیر قرار داد.
بسته شدن مرزها و افزایش تعرفه‌های گمرکی از طرفی و افزایش چند صد درصدی قیمت دلار از طرفی دیگر سبب بیکار شدن هزاران کولبر به عنوان وارد کننده کالا از مرز به خاک ایران، راننده اتومبیل به عنوان منتقل کنندگان کالا به داخل شهر، افرادی که ضمانت سالم رسیدن کالاها را بر عهده میگرند و همچنین باربرهای داخل شهر و در نهایت بازاریان و تجار شد در حالیکه جایگزین مفیدی برای این منبع درآمد مهم و اساسی ارائه داده نشده است. در ضمن تمامی این کالا به صورت آزاد و از بازارچه‌های رسمی وارد خاک ایران می‌شدند.
مردم بانه به شیوه‌ای مدنی و دور از خشونت خواهان درک این مسئله و تهدیدهای آن از طرف دولت و مسئولان کشور شدند اما متاسفانه هنوز هم هیچ راه حل مناسبی ارائه نشده است در حالیکه تورم شدید و چند برابر شدن قیمت کالاهای اساسی می‌تواند اقشار فقیر و فرودست جامعه را تحت تأثیر قرار دهد.
مردم شهر بانه به صورتی نمادین این تهدیدات را با پهن کردن سفره‌های خالی در معابر و خیابان‌های داخل شهر و نشستن دور آن به نمایش گذاشتند.
سفره‌های خالی تنها نماد نبود غذا نیست، بلکه مردم بانه نشان دادند قبل از اینکه سفره‌هایشان خالی شود، فرزندانشان از تحصیل باز خواهند ماند، سطح توجه به بهداشت فردی و عمومی کاهش خواهد یافت و ازدواج و تشکیل خانواده که از نهادهای اساسی در جامعه ایران می‌باشد با مشکلات بیشتری روبه‌رو خواهد شد و اگر چاره‌ای برای همه‌ی این موارد اندیشیده نشود مطمئناً تبعات اجتماعی را بدنبال خواهد داشت.
همزمان با اعتصاب مردم بانه دانشجویان دانشگاه ارومیه نیز در اعتراض به پولی سازی دانشگاه از حرکت نمادین سفره‌های خالی استفاده کردند. همچنین در اغلب اعتراضات کارگری نیز از آن استفاده شد.
به عنوان کلام آخر بایستی نوشت که هر شکل از اعتراضات و نارضایتی‌های مدنی حق اصناف و گروه‌های تحت ستم و حق خورده جهت کسب مطالباتشان می‌باشد.
علاوه بر این اعمال خشونت از طرف حکومت به هر شکلی تنها صورت مسئله را پاک خواهد کرد در حالی که هدف ایستادگی‌ها و نافرمانی‌های مدنی چیزی جز کسب مطالبات بر حق نمی‌باشد.



هنرسیاسی

هنر متعهد

امید رحیم زاده

«هنر برای هنر، هنر متعهد»! نزاع بر سر این دو دیدگاه قدمتی تاریخی دارد. اندیشمندان بسیاری معتقدند که هنر، مفهومی قائم به ذات و کاملا مستقل از هر چیز دیگری است. گروهی دیگر نیز باور دارند که هنر ارتباط نزدیکی با سایر مفاهیم به ویژه سیاست دارد و استقلال مطلق هنر را نفی می‌کنند. برای بررسی این مسئله، در ابتدا نگاهی به تعاریف سیاست و هنر بیاندازیم:

سیاست چیست؟

سیاست در معنای کلي و قابل فهم عبارت است از «قبضه کردن، سازمان دادن و بهره‌برداری کردن از قدرت در یک منطقه، سرزمین یا جامعه؛ به ویژه قدرت یا توان حکومت کردن و تصمیم‌گیری درباره‌ی این اصل مهم است، که چه کسی، چگونه و کی نهادهاي عمومي جامعه را اداره نماید». پس طبعا این دولت‌ها هستند که پیوند اصلي میان سیاست و جامعه را در جهان مدرن فراهم می‌سازند.

هنر چیست؟

در میان تعابیر و تعاریف متعدد از هنر که در پي بیان چیستي آن بوده‌اند، این نقطه نظر اجماعي عام یافته است که اساسا هنر به عنوان رسانه‌ای در نظر گرفته شود که از طریق آن انتقال معنا به صورت زیبا ممکن می‌شود. در این چهارچوب مشخص، امر انتقال معنا در رسانه‌اي شدن هنر با انواع شیوه‌های بیان هنری مثل نوشتار (شامل انواع ژانرهای ادبی) پیکره سازی، طراحی، گرافيك، معماري، موسيقي، نشر، رقص، تئاتر و سینما صورت می‌گیرد. برخورد سیاستِ جوامع در دوران مختلف سبب شد تا هنرها به دو دسته تقسیم شوند: از جمله هنر زیبا که مي‌خواهد یا مدعي است در خدمت هیچ مقصودي آجل نیست و دیگر هنر سودمند یا کاربردي که هنر را به مقتضاي نیاز جامعه و کاربرد آن در امور مختلف ارزیابي می‌کند.

پس با این تفاسیر به نظر می‌رسد که ارتباط یا تقابل سیاست و هنر تباری طولانی داشته است که این مناسبات در چهار حالت بررسی می‌شود:

۱. هنر در حمایت از سیاست
۲. هنر در تقابل با سیاست
۳. سیاست در حمایت از هنر
۴. سیاست در تقابل با هنر

هنر در حمایت از سیاست

نخستین نقش هنر در ارتباط با سیاست، نقش خادمانه و مثبت است. هنر در این حالت نقش یک وسیله‌ی کاربردی و هدفمند را برای دولت، دستگاه‌های دولتی و دیگر طبقات در جامعه‌ی مدنی، ایجاد خواهد کرد.

دراین مورد چند گزینه اهمیت دارد:

۱. هنر در خدمت سیاست، نقش اعتباری و مشروعیت دهنده پیدا می‌کند. در دوران معاصر حکومت‌های زیادی از این موضوع استفاده‌های مکرر کرده‌اند برای مثال، بنیتو موسولینی از تصویر تبرزینی که مقامات روم باستان همچون نماد قدرت به دست می‌گرفتند، به عنوان نشان فاشیسم در عرصه‌ی زیبایی شناسی قدرت استفاده می‌کرد. فاشیسم هیتلری نیز برای مقابله با دنیای نو، دست به آفرینش مجدد هنر شماری از اساطیر و باورهای زیبایی شناسانه زد تا بتواند ایدئولوژی سیاسی چون برتری نژادی را، جلوه‌های زیبا ببخشد.



۲. هنر در خدمت سیاست، می‌تواند برای بازنمایی ایده‌آل‌ها که اساسا حاصل شرایط ویژه‌ای چون انقلاب است، به کارگرفته شود. برای مثال در فرانسه سال ۱۷۸۹ به محض وقوع انقلاب، هنرمندان و ادبای بسیاری به استقبال تحولات شگرف رخداده در جامعه رفتند و برآن شدند تا در آثار خود از گزینه‌های سیاسی انقلاب چون آزادی، برابری و عدالت در هنر استفاده کنند. در شوروی کمونیستی پس از انقلاب، رویکرد هنر در قالب رئالیسم سوسیالیستی، از شیوه‌های منحصر به فردی سود جست: «بازنمایی تصاویر کارگران به عنوان قهرمانان مزارع در هیبتی درشت و خارج از عرف، از جمله این موارد بود».

۳. هنر در خدمت سیاست، به ثبات سیاسی و بقای قدرت یاری می‌رساند. از آنجا که رژیم‌های سیاسی، به پایبندی‌هایی از سوی شهروندان نیاز دارد، هنر به ویژه در این چهارچوب می‌تواند نمادهایی پدید آورد که همبستگی عمومی را ایجاد می‌کند. به همین دلیل است که هنر در جوامع لیبرال عموماً اعتلا و تقویت احساساتِ دموکراتیک را در زمره اهداف قرار می‌دهد.

هنر در تقابل با سیاست

همچنان که هنر می‌تواند خدماتی برای سیاست انجام دهد، بدیهی است که هنر می‌تواند به شکل‌های مختلف به مقابله با سیاست برخیزد. هنر در تقابل با سیاست اساسا در یک رژیم سیاسی معنا می‌یابد، مانند رمان فرار از کولاک الکساندر سولژ نیتسین که در پی نفی جامعه سیاسی استالین است. یا رمان معروف کلبه عمو تام، از هریت بیچراستو در مخالفت با سیاست نژادپرستی آمریکا نسبت به سیاهان، تابلو معروف فرانسیس گویا با عنوان اعدام سوم مه ۱۸۰۸درباره میهن‌پرستی اسپانیایی و مخالفت با حاکمیت عصر.

از جمله ویژگی‌های بارز در هنر، شکل‌گیری آن چیزی است که تحت عنوان هنر اعتراض‌آمیز یا هنر رژیم معروف شده است، که رسالت خود را در نقد کردن می‌داند، نقد هر آن‌چیزی که هست و نباید باشد. نقد اجتماعی هنگامی هدفی محدود دارد که واحدهای سیاسی رسما مشخص یا احزاب سیاسی مورد نظر باشد. اما هنگامی چنین هدفی وسیع است که به اجتماع یا فرهنگ به مفهوم وسیع آنها(یا دست کم به بخش هایی از آنها، مانند انتقادهایی که در قرن هجده و نوزده به فرهنگ بورژوایی می‌شد) نظر کند. برای مثال در میان آثار سینمای صامت، برخی از فیلم‌های چالز چاپلین شامل مهمترین عناصر انتقاد از دنیای مدرن، تکنولوژی و نابرابری‌های اجتماعی و اقتصادی در جامعه‌ی غربی است. در زمینه کاریکاتور اکثر آثار انوره دومیه، از جمله واگن درجه سه، نوع برخورد با فقرا و قشرهای آسیب پذیر را از سوی طبقه‌ی حاکم نقد می‌کند. در قرن بیستم نیز اغلب جنبش‌های هنری نو چون اکسپرسیونیسم، دادائیسم وسورئالیسم نیز، تنهایی و اضطراب را در جوامع غربی مورد نقد قرار دادند.

در تجربه‌ي مدرنیسم هنري در سراسر قرن بیستم -که هنرمندان آوانگاردي را هم تربیت کرد- هنر وسیله‌اي براي نقد اجتماعي به شمار مي‌آمد. براي مثال، مکتب دادا سرشت انتقادي داشت، اما انتقاد هنري آن به همه چیز مربوط مي‌شد نه به چیزی خاص. دادائیسم، چونان اعتراضی دردآلود اما طنزآمیز نیهیلیستي به سیاست، که زمینه‌ي فجایعي چون جنگ جهاني را پدید آورده بود، در مونیخ شکل گرفت اما چنان در انتقاد صریح بود که به جنگ همه هنرها می‌رفت.



از بعد لیبرالیستی، منتقدان برآنند که کارکرد هنر، یا دستکم هنر آوانگارد، نوعی نقد اجتماعی است که پدیده‌های کلان اجتماعی همچون توسعه‌ی افسار گسیخته‌ی سرمایه‌داری، تبعیض نژادی و تبعیض جنسیتی را هدف حمله خود قرار می‌دهد. البته مقصود این نیست که هنرمندان معاصر، به نقد سیاست‌های مشخص و رژیم‌های سیاسی قابل شناخت نپرداخته‌اند، بلکه غرض در اینجا آن است که تصور این مکاتب از سیاست معمولا بسیار وسیع‌تر از آن چیزی است که به یک حکومت خاص و احزاب سیاسی مشخص محدود شود.

در تحلیل‌های نظریه پردازان ساختگرای قرن بیستم، چون پی‌یرماشری و لویی آلترسر، نقش هنر به مثابه‌ی امکانی برای بازتاباندن تضادهای اجتماعی موجود در حکومت‌ها(چه کمونیستی و چه لیبرال) تفسیر می‌شود. به اعتقاد آن‌ها، هنر و هنرمندان می‌بایست در چنین بازتابی از منظر یک منتقد اجتماعی مارکسیست عمل کنند تا ریشه تضادهای طبقاتی جامعه‌ی بورژوا را آشکار سازند.

آدورنو موسیقی جاز را جلوه‌ای از هنر توده‌ای قلمداد می‌کند و این ادعا را که انسان در سایه‌ی آن می‌تواند به رهایی دست یابد و آزادی را در آغوش گیرد نفی کرده و معتقد است این موسیقی تنها پندار رهایی در آدمی را زنده می‌کند.

سیاست در حمایت از هنر

در این زمینه، دولت‌ها هنرمندان را به کار می‌گیرند تا برای مثال: انواع تمبر و یادمان و لباس‌های متحدالشکل را طراحی کنند؛ درزمینه‌های خاص آهنگ بسازند و برنامه‌های نمایشی و... را اجرا کنند.

پس زمانیکه دولت یا مقامات سیاسی برآن باشند تا هزینه‌ها را بپردازند و به طرقی از فعالیت‌های هنری حمایت کنند، سیاست نقش کارفرما را در خصوص هنر ایفا می‌کند. شکل‌گیری آموزه‌های تحمیلی رئالیسم سوسیالیستی در دوران حکومت استالین مصداق بارزی بر این ادعاست. در روش مذکور دولت نه تنها در تمام جنبش‌های هنری نقش کارفرما داشت، بلکه اصول و ضوابط هنری و چند و چون آن را نیز خود ارائه و پشتیبانی کرده است. فراموش نکنیم که در شرایط کنونی نیز، حتی در جوامع مدرن و صنعتی شده، همچنان پاره‌ای از هنرمندان از برای برآوردن غایات سیاسی به استخدام دولت‌ها در می‌آیند، که این می‌تواند داعیه‌ی خودمختاری هنرمندان را زیر سوال ببرد.

سیاست در تقابل با هنر

موسسات و سازمان‌های سیاسی می‌توانند در گام نخست از راه انتقاد به مقابله با هنر ها اقدام کنند. آثار هنریی که در آن هنرمندان به انتقاد آشکار یا حتی ضمنی از ترتیبات سیاسی یا نوع فلسفه حاکم بپردازد، می‌توانند با عکس‌العمل شدید دولت‌ها روبه‌رو شود. در پاره‌ای از جوامع مثل شوروی این تقابل اشکال خشن و وسیع‌تری به خود گرفت و در این چهارچوب اگر اثری با آموزه‌ی رئالیسم سوسیالیستی همسویی نداشت، بی‌درنگ محکوم می‌شد و تجربه فرمالیسم روسی و چگونگی سرکوب بی‌رحمانه‌ی هنرمندان این عقیده ضد سیاسی به عنوان مصداق بارز تقابل سیاست با هنر قابل ذکر است.

نهادهای سیاسی و حکومت‌ها برای مقابله با هنر ابزارهای زیادی در اختیار دارند. آنها به موجب اختیارات قانونی که خود تعیین کرده‌اند می‌توانند بر تولید آثار هنری نظارت داشته باشند و در نهایت آن را سانسور و یا ممنوع کنند.

مبانی سانسور در خصوص هنر، ابتدا در یونان باستان و از سوی افلاطون پی‌ریزی شده است. افلاطون عقیده داشت که سانسور می‌تواند ضمن رفع خطراتی که از جانب هنرمندان بر ساختار حکومت وارد می‌شود، وظیفه هنر را در جهت خدمت به اهداف سیاسی دولت طراحی کنند. لذا هرجایی که هنر نتواند در پیشبرد آن غایات مؤثر باشد، یا حتی در جهت تزلزل آن‌ها عمل کند، سانسور به جا و شایسته است و حتی در کتاب جمهور از تبعید هنرمندان از مدینه آرمانی‌اش بنابه مصالح دولت دفاع می‌کند.

از قرن هجدهم تا همین اواخر، پاسخی که متفکران غربی به دیدگاه افلاطونی می‌دانند این بود که هنر، مقوله‌ای آزاد و خودمختار است و وسیله‌ی سیاست یا هر چیز دیگری نیست. لیکن این دیدگاه از اواخر قرن بیستم بی‌محتوا جلوه‌گر شده است. در واقع مخالفت با محتوای سیاسی آثار هنری، خود می‌تواند محرکی برای سانسور سیاسی باشد.

بدیهی‌ست که در عصر حاضر، مقوله‌ی هنر از سیاست جدا نیست و نمی‌توان مدعی شد که هنر مستقل از سیاست است. با وجود اینکه شیوه‌ی ارتباط هنر و هنرمندان با دنیای سیاست، رابطه‌ی نزدیکی با نوع حکومت و ساختار سیاسی حاکم بر جامعه دارد، اما در نهایت این هنرمندان هستند که باید تصمیم بگیرند که با حاکمیت همراه شوند و از ایدئولوژی مورد نظر آن‌ها حمایت کنند، و یا اینکه در کنار مردم قرار گیرند، ریشه‌ای به مسائل نگاه کنند، ساختار سیاسی و اجتماعی و فرهنگی جامعه را به باده‌ی نقد بکشند و برای بالا بردن شعور سیاسی، اجتماعی و هنری جامعه تلاش کنند. همانطور که هربرت مارکوزه می‌گوید:

«هر کار هنری اصیل، انقلابی است، یعنی برهم زننده‌ی ادراک و فهم ما از جهان، ادعا نامه‌ای علیه واقعیت مستقر و پابرجا و تجلی تصویر آزادی است.»

منابع:

1.تحلیل عملکرد سیاست در هنر، محمد تقی قزلسفلی
2. جامعه و سیاست، مایکل براش
3.دایره المعارف هنر، روئین پاکباز

٢٥ی نۆڤامبر و توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

ئاراس عەزیزپوور

لە ٢٥ی نۆڤامبری (٤ی سەرماوەزی) ساڵی ١٩٦٠ دا سێ خوشک و چالاکوانی سیاسی کە بە خوشکانی میرابەل ناسراون لە بەندیخانەکانی دیکتاتۆری ئەو سەردەمەی کۆماری دۆمینیکدا دەستدرێژیان دەکریتە سەر و دەکوژرێن. پاشان لە ساڵی ١٩٨١ دا، چالاکوانانی کۆبوونەوەی فێمێنیستەکانی ئەمریکای لاتین و زەریای کارائیب ٢٥ی نۆڤامبر وەک ڕۆژی بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری لەسەر توندوتیژی دژی ژنان دیاری دەکرێت و هەروەها لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە لایەن ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە شێوەیەکی فەرمی وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەست نیشانکرا.

توندوتیژی دژی ژنان هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک کە ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی، دەروونی وە جنسی لە خۆ دەگرێت کە لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی کوژران یا پەراوێز کەوتنی ئەو کەسەی ڕووبەڕووی توندوتیژیەکە بۆتەوە.

مەبەست لە دیاری کردنی ئەو ڕۆژەش بردنە سەرەوەی زانیاری کۆمەڵگا و بە تایبەتی ژنانە تا بە وریاییەکی زیاترەوە بەرەنگاری ئەو توندوتیژیانە ببنەوە.

جنێو پێدان، لێدان، دەرگای ماڵ لەسەر داخستن، بەکەمتر دانانیان لەبەرامبەر کوڕاندا، خەتێنە کردن، بێ ڕێزی پێکردن، گاڵتە پێکردن بە تایبەت لە شوێنە گشتیەکان دا و دەستدرێژی سێکسی و هتد سەرەکیترینی ئەو توندوتیژیانەن کە ڕۆژانە ژنان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردیشدا وەک هەموو دنیا بە شێوەیەکەی بەرچاو ئەو توندوتیژیانە دەبیندرێن.

بە پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان لە دە مانگی ڕابردوودا ١٠٤ ژن کوژراون، ٩٢ ژن خۆیان کوشتووە، ٢٢٤ ژن سووتاون و خۆیان سووتاندووە و نزیکەی ٨ هەزار سکاڵاش لەسەر شێوازە جیاوازەکانی ئەو توندوتیژیانە تۆمار کراوە.

لە ئێرانیش بە پێی ئامارێک لە سەدا ٦٦ی ژنان لە سەرەتای ژیانیانەوە بە لانیکەمەوە جارێک تووشی ئەو توندوتیژیانە دەبن.

کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە.

لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا پیاوان خۆیان بە خاوەنی کچەکانیان یان خوشکەکانیان یان هاوژینەکانیان دەزانن کە ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی پیاوان لە هەر چەشنە توندوتیژیەک خۆ نەبوێرن. هەروەها لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالار دا لە هەر چەشنە ئامرازێک بۆ زیاتر کردنی دەسەڵاتی پیاوان و پەراوێزخستنی ژنان کەڵک وەردەگیرێت.

یەکێک لەو ئامرازانە زمانە و لە زمانی کوردیشدا ئەو توندوتیژیانە ڕەنگیان داوەتەوەو ئێستاش لە زۆر شوێن و تەنانەت لە لایەن کەم تەمەنەکانیشەوە هەر بە کار دەبردرێن. جۆری یەکەم جیاوازی دانان لە نێوان کچ و کوڕدا و بۆ وێنە بە کار هێنانی هێندێک ڕستە وەکوو:

کوڕت نەمرێ، خوا کوڕت داتێ، بە دایکی کوڕان بی و هتد کە دەتوانێت کاریگەری ناڕاستەوخۆ لەسەر باری دەروونی کچ لە ناو خێزاندا دابنێت.

وەک دەبینین ئەو ڕستانە ئەگەر کچ بە خراپیش دانەنێن، کوڕ بە گرینگتر پێشان دەدەن هەر بۆیە دەبیندرێ پیاوان (باوک، برا، مێرد و...) لە بەرامبەر ژنان دا (کچ، خوشک، ژن و...) خۆیان بە جیاواز و خاوەن بڕیار دەبینن. هەر وەک ئاماژەشمان پێکرد دەتوانێ ڕێگە خۆشکەر بێ تاکوو پیاوان لەسەر ئازاردانی ژنان خۆیان بە مافدار بزانن.



جۆرێکی تر لەو ڕستانە هەن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ماف و ئازادی بە نێرینە دەدەن بەڵام بەشی ژنان بەستنەوەیان دەبێت وەکوو: کچ (مێیینە) دەبەسترێتەوە بەڵام کوڕ (نێرینە) نابەسترێتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە سەر بابەتی خەیانەت ئەوە بە بەردەوامی ژنانن کە دەکوژرێنن و لەوە ناچێ تا ئێستا پیاوێک لە لایەن ژنەکەیەوە لەسەر بابەتێکی ئاوا کوژرابێت. کەواتە پێوەندیەکی زۆر توند و تۆڵ لە نێوان داب و نەریتەکان و زمان دا هەیە.

دانێکی تر لەو ئامرازانە کە لە کومەڵگەی کوردی و پیاوسالاردا بۆ پەراوێز خستنی ژنان کەڵکی لێ وەردەگیرێت بە مایەی شەرم دانانی جەستەی ژنانە و دەبینین کاتێک پیاوان دەیانهەوێ سووکایەتی بەیەک بکەن یەکتر بە ژن و یا بە کردارێکی ژنانە دەشوبهێنن. ئەگەر سەرنج بدەینە قسەگەلێک وەکوو: «ژنێ مـن»، «خۆ تۆ ژن نی»، «وەک ژن سەرت دامەخە»، «ئەوە چییە دەڵێی ژنی» وە هەروەها قسەگەلێکی وەک «پیاو بە پیاو»و «خۆتۆ پیاوی» ئەو ڕاستیەمان ڕوونتر بۆ دەر دەخەن و ئەم قسانەش بە بەردەوامی ئەو زێهنیەتە بڵاو دەکەنەوە کە ژنان پەستن، زەعیفە و کۆیلەن.

هەر لەسەر بنەما داب و نەریتیەکان و هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ حەیا و ناموس و شەرەف دا ئێستاش ئەو خێزانانە ماون کە لە خوێندنی کچان و کوڕاندا جیاوازی دادەنێن تا ڕادەیەک کە قۆناغێک بۆ کچەکە



دادەنرێ و پاشان لە خوێندن دادەبڕدرێ لە کاتێک دا بۆ کوڕان ئەو شتە بە پێچەوانەوەیە.

ئەگەر باسی نموونەیەک بکەین کاتێک لە دایکێک دەپرسن کچەکەت پۆلی چەندەیە دەڵێ پۆلی شەشە و هەر ئەمساڵی بەسە لەوە زیاتر بۆچییەتی لە کاتێکدا کە پرسیار سەبارەت بە کوڕەکەی کرا لە وەڵام دا دەڵێ پۆلی پێنجە و ئەگەر عەقڵی بێ هەر دەخوێنێ و بەردەوام دەبێ.

لێرەش دا کچان بە گشتی تووشی تووتدوتیژی دەبنەوە و لە خوێندن چ لە قۆناغی سەرەتاییدا و چ لە قۆناغەکانی تردا دادەبڕێن. ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەو کچانە لەباری بیر و هزرییەوە لە تاکەکانی تری کۆمەڵگا دوا بکەون.

هەروەها ڕێگرتن لە خوێندنی کچان ڕێگە خۆشکەرە بۆ بە شوودانیان لە تەمەنی منداڵیدا کە خۆی جۆرێک لە توندوتیژیە و خەسارێکی گەورەیە بۆ هەر کۆمەڵگایەک.

ئەوانەی باسکران کورتەیەک بوون لەو توندوتیژی و زوڵم و زۆرانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەر حەق بە ژن دەکرێن.

جگە لەوانە خەتێنە کران و دەرگا لەسەریان داخران و شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەستدرێژی سکسی دەبیندرێ.

جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە تەمەنێکی تایبەت دا و بێ وەڵام هێشتنەوەی هۆکاری ئەو جیابوونەوەیە ڕاستەوخۆ لە کچ دا هەستی خۆ کەمتر بینین دروست دەکات.

لە کۆتاییدا دەبێ سەرنج بدەین نیوەی کۆمەڵگە ژنە و پەراوێز خستنی نیوەی کۆمەڵگە بە دڵنیاییەوە خەسارێکی گەورە دەگەیێنێ جا چ لە بواری کۆمەڵایەتیەوە بێ یان چ لە بواری کلتووری و پەرەسەندی زانستی و تەنانەت ئاستی بەختەوەری کۆمەڵایەتیش.

هێمن لە شێعری یادگاری شیرین دا دەڵێت:

باهەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ

تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

تا دایکانی ئێمە بە شێوەیەکی ئازاد پەروەردە نەبن بە دڵنیاییەوە منداڵەکانیشیان چ کچ و چ کوڕ دەستەمۆنوو ئازاد نابن.

کاتێک هێمن لە بەشێکی تری شێعرەکەی دا دەڵێ:

«**دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات**»

ئەو ڕاستیەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ کە ئازایەتی کوڕیش لە زانایەتی و ئازایەتی دایک سەرچاوە دەگرێ.

ژن، ژین و ژیانە تا تەواوی کۆمەڵگە بەو باوەڕە نەگات ئازادی و کەیف خۆشی و پێشکەوتنیش قەت دەستەبەر نابن.



فڕینی هەتاو

نووسینی خاتوو مائیدە ڕەئوفی



کاتژمێر لە نیوەشەو تێپەڕ ببوو و ئەو هێشتا لەجێگاکەی دا دەخولاوە، هێندەی بیر لە سبەینێ کردبۆوە سەری وەژان کەوتبوو دەیهەویست کەمێک پشوو بدا بەڵام خەیاڵەکانی نێو مێشکی نەیاندەهێشت. لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد: «یانی سبەینێ چ ڕوو دەدا؟ تۆ بڵێی باوکم چی بڵێ؟ یانی ئیزنی ئەو کارەم پێ ئەدا؟ یانی بڵێی دایکم پشتم بگرێ؟ جەلیک کەمێکم باسی ئەو شتە بۆی کرد، زۆر لە ڕازی نەدەچوو بەڵام شایەد دڵی کەمێک نەرم بووبێ. ئەی خودا ئەدی چ لەو برا شێتەم بکەم؟ نا نا هیچ نێ دایک و باوکم ڕازی بن ئەو ناتوانێ هیچ بڵێ هەڵبەت هیوادارم وابێ! ئەخە توخدا ئەو کە لەمن چکۆڵەترە بۆ دەبێ بەسەرم دا زاڵ بێ و ئەمن نەوێرم هیچی پێ بڵێم؟ بۆ دەبێ ئەو کە هێشتا مێشکی پووچە بە من بڵێ چ بکەم و چ نەکەم؟»

